# نیشتیمان

هێمن ڕەئووف



ئەی نیشتیمانە شەنگەکەم
لەوەتەی تۆ
بوویتە تاقانەی ئەم دڵەم

واهەستدەکەم
سات لەدوای سات
خاکی دڵم گەورە دەبێت

واهەستدەکەم
فریشتەکانی موحیبەت
پەیتاپەیتا
چینەکانی
دیواری کۆشکێکی سەنگین
لەو خاکەدا هەڵدەچنن

گومان نابەم
بەوەی کە تۆیش

ئەم هەوارە
دەکەیتە
دوا وێستگەی سەفەر
منیش دەبمە
خزمەتکارێکی دڵسۆز و
دڵو دەرونم بەختەوەر

وا هەستدەکەم
خۆشەویستیت بێئەندازە
خۆی پێکدەنێت

گومان نابەم
کە هەناسەم
بە ناوی تۆ دەستپێبکات
بە یادی تۆ کۆتایی بێت

کەچی تازە
ئەهریمەنە دڵڕەقەکان
دەیانەوێت
بە ناوی تۆ وە دەرکەون

دەیانەوێت

له جوانییدا
له شێوەی تۆ

به پەیژەکانی ئەوکۆشکەی
لانەی تۆیه بەسەرکەون

نا گیانه ... نا
ئەوانه زۆر
له درەنگ وەختی زەمەندا
به ئاگادێن

نازانن  من و تۆ بووینه
شاخ و دەوەن
چەم و چنار
زەوی و باران
کورد و خەبات
ئاڵا و وڵات
بێیەک بوونمان بێمانایه
تۆ نیشتیمانەکەی خۆمی
بێتۆ من وەک نەبم وایه ....

---

26.06.2006